# هیچ کەسێک مەعشوقی تۆیە؟




دکتۆرە عرفان نەزەر ئاهاری

وەرگێڕانی:
موسعەب ئەدهەم


Scanned with CamScanner

Avan Bahjat
-nurse



# هیچ کەس مەعشوقی تۆیە؟

Scanned with CamScanner




**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓

Scanned with CamScanner

# هیچ کەس
# مەعشوقی تۆیە؟

دکتۆرە عیرفان نەزەر ئاهاری

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
موسعەب ئەدهەم

Scanned with CamScanner

# هیچ کەس مەعشوقی تۆیە؟


- زنجیرەی ئەخلاق و مەعنەویەت (١٠).
- نووسەر: دکتۆرە عیرفان نەزەر ئاهاری
- وەرگێڕانی: موسعەب ئەدهەم.
- بابەت: ئەدەبیاتی عیرفان
- هەڵەچن: هەڵکەوت هەورامی.
- دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
- نۆبەتی چاپ: دووەم. ٢٠٢١



مافی لەچاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە



لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی (١٩٦٧)ی ساڵی (٢٠١٣) پێ دراوە.

RENWEN

ناوەندی ڕێنوێن



07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)



Scanned with CamScanner

# پێڕست


پێشەکی دکتۆرە عیرفان نەزەر ئاهاری ........ ٧
دەقی وەرگێڕانی پێشەکی نووسەر ........ ٨
لەبارە نووسەرەوە ........ ١١
من و ئاهاری ........ ١٥
دڵم کاروانسەرایەکی دێرینە ........ ١٩
هەور و ئاوریشم و عیشق ........ ٢١
خودا چلچرایەکی لە ئاسماندا هەڵواسیوە ........ ٢٣
داستانەکانی جوامێر ........ ٢٥
هەر کاتێک کە دەڕۆیت، گەیشتوویت ........ ٣١
ئەو بتە ئیبراهیمی دەویست ........ ٣٣
دونیا بێستونە، بەڵام فەرهادی نییە ........ ٣٧
زەوی ئیمانی هێنا و جیهان سەوز بوو ........ ٣٩
بەهار! پەردە لەسەر عاشیقی لابەرە ........ ٤١
حیکایەتی مانگ و پڵنگ و عیشق ........ ٤٥
هیچ کەس مەعشوقی تۆیە؟ ........ ٤٧
لە کۆڵەکەتدا چیت هەیە؟ ........ ٤٩
ئارەش و کەوان و عیشق ........ ٥٣
دەقیانووسێک کە منم ........ ٥٥
ئێمە دراوسێی خودا بووین ........ ٥٧
ئەمەش سەرەتای مرۆڤ بوو ........ ٥٩
پێغەمبەرێک لە تەنیشتماڵمانەوە تێپەڕی ........ ٦١
درێژە بە جیهان دەدەین ........ ٦٣
سەرچاوەکان ........ ٦٥




Scanned with CamScanner

## پێشەکی دکتۆرە عیرفان نەزەر ئاهاری

در جهانی پر از بیگانگی و اشوب زندگی می کنیم؛ در جهانی پر از غریبگی و تنهایی. اما در همین جهان غریبه گاه نسیم اشنایی می وزد و نامه ای با خود می اورد از خویشاوندی نزدیک از ان سوی مرزهای جغرافیایی.

خویشاوندی هم خون که به زبان دل سخن می گوید.

حالا سال هاست که من چنین خویشاوندانی دارم، خواهر و برادرانی که همگی بر سر سفره عشق بزرگ شده اند و لقمه هایی از نور و معرفت خورده اند.

خویشاوندانی که جهان را برایم تحمل پذیر می کنند و از تنهایی و غربتم می کاهند.

و همین کافی ست تا به یادم بیاورد که جهان می تواند جای خوبی باشد.

خواهر و برادرانم از اقلیم کردستان، خویشاوندان مننذ؛ همان ها که کلماتم را همچون کودکی در اغوش می گیرند و به خانه می برند.

انها برای کلماتم دایگی می کنند ، کلماتم را در گهواره می خوابانند، تر و خشک می کنند.

کلماتم در خانه انها بازی می کند و بزرگ می شود.

انها به کلماتم سخن گفتن می اموزند.

**عرفان نظراهاری**

**اکتبر۲۰۱٦ - لاهه-هلند**



Scanned with CamScanner

# دەقی وەرگێڕانی پێشەکی نووسەر

لە جیهانی پڕ لە بێگانەیی و شەڕ و ئاشوبدا دەژین، لە جیهانی پڕ لە نامۆیی و تەنیایی. بەڵام هەر لەم جیهانە نامۆیەدا، هەندێجار شنەبای ئاشنایی هەڵدەکات و نامەیەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لە ناسیاوی نزیک لە لایەن سنوورە جوگرافیاییەکانەوە.

ناسیاو و نزیکی هاوخوێن کە بە زمانی دڵ قسە دەکەن. ئێستا ساڵانێکە من ناسیاو و کەسانێکی نزیکی لەمجۆرەم هەیە، خوشک و براگەلێک کە هەموویان لەسەر سفرەی عیشق گەورە بوون و چەندین پاروویان لە نوور و مەعریفەت خواردوە.

کەسانێکی نزیک و ناسیاو وا دەکەن بەرگەی جیهان بگرم و تەنیایی و غوربەتم کەم دەکەنەوە. هەر ئەمەش بەسە تاکو ئەوەم بەبیردا بێتەوە کە جیهان دەتوانێ جێگای چاکی و باشی بێت.

خوشک و برایانم لە هەرێمی کوردستان، نزیکەکانی منن، هەمان ئەو کەسانەی ووشەکانم هەروەک منداڵێک لەباوەش دەگرن و بۆ ماڵەوەیان دەبەنەوە.

ئەوان دایکایەتی بۆ ووشەکانم دەکەن، ووشەکانم لە لانکەدا دەخەوێنن، تەڕ و وشکیان دەکەنەوە.
ووشەکانم لەماڵیاندا یاری دەکەن و گەورە دەبن.
ئەوان ووشەکانم فێری قسەکردن دەکەن.[1]

**عیرفان نەزەر ئاهاری**
**ئۆکتۆبەری ٢٠١٦**
**لاهە - هۆڵەندا**

---

١. خۆشبەختانە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٠١١) ئەو کاتەی بە بانگهێشتی ڤیستیڤاڵی (گەلاوێژ) هاتبوو بۆ کوردستان، گفتوگۆیەکمان لەگەڵیدا ساز کرد بە ناونیشانی (عیشق و عیرفان) کە برا و هاوڕێی خۆشەویستم کاک (بیلال باسام) بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە گۆڤاری (چاوی هەژان)دا بڵاوکرایەوە، بەو ئومێدەی بتوانین لە دوو توێیی کتێبێکدا کە چەندین گفتوگۆیە لەگەڵ نووسەرانی دی، بڵاوی بکەینەوە.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## لەبارە نووسەرەوە:[٢]

دکتۆرە عیرفان نەزەر ئاهاری، لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٤)ی تارانە. خاوەنی دوو دکتۆرایە لە ئەدەبیاتی فارسی و مێژووی فەلسەفەدا، خاوەنی کۆمەڵە بەرهەمێکی لە بواری ئەدەبیات و عیرفان و شیعردا کە (١٦)بەرهەمە. بەرهەمەکانی بۆ زمانەکانی (فەرەنسی، تورکی، ئینگلیزی، یابانی، ئیتالی، ئەڵمانی، سویدی، هۆڵەندی و کوردی) وەرگێڕدراون. تاکو ئێستا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە، خەڵاتی ئەدەبی پەروین ئیعتیصامی، خەڵاتی کتێبی ساڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، خەڵاتی کتێبی وەرز و ...هتد، هەروەها تابلۆی شانازی نووسینگەی نێودەوڵەتی کتێب بۆ وەچەی نوێ (ibby) لە ئیسپانیا.

ئاهاری یەکێکە لە نووسەرانی کتێبی (داستان ئاشتی) کە لە کۆریای باشوور چاپ بووە و ئەم داستانە تاکو ئێستا بۆ (١٠) زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە و، بە شێوەی دەنگی و لەگەڵ مۆسیقادا بڵاوبۆتەوە. ئەم بەرهەمە مۆسیقییە لە لایەن (یونیسکۆ)وە پشگیری

---

٢. سەرچاوەی سەرەکی نووسینی ئەم بابەتە پشت بە ویکیپیدیای فارسی بەستراوە.

کراوە. نووسینەکانی باس لە روونکردنەوەی چەمک و بابەتەکانی وەکو، عیشق، قەناعەت، عەدالەتخوازی، دژایەتی ستەم و بەهای ژیان و مەرگ و بوون دەکەن و بە شێوەیەکی ئەدەبیاتیکی زۆربالا و ناسک ئەم بابەتانەی خستۆتەڕوو. بەرهەمەکانی بۆ چەندینجار چاپ کراونەتەوە و بە تیراژێکی زۆر، کە تیراژی هەندێکیان دەگاتە دەیان هەزار دانە.

دکتۆرە عیرفان لە ئێستادا سەرقاڵی وانە وتنەوەیە لە زانکۆ و ناوەندە زانستی و فێرکارییەکانی ئێراندا و خاوەنی سایتێکی تایبەت بە خۆیەتی و شایەنی باسە ئەم سایتە یەکێکە لە سایتە هەرەباش و جوانەکانی ئێران و تاکو ئێستا چەندجارێک پلەی یەکەمی لە باشترین سایتەکان لە رووی دیزاین و شێوازە هونەرییەکەیەوە بەدەستهێناوە و ناوی (نوور و نار)ە.

**ئەو بەرهەمانەی تاکو ئێستا بڵاوبوونەتەوە:**

١. لە رۆژە سادەکان، (١٩٩٦) بڵاوبۆتەوە.

٢. پشتی کۆڵانەکانی هەور، (١٩٩٧) بڵاوبۆتەوە.

٣. کۆڵە پشتیەکەت لە کوێیە؟ (٢٠٠٢) بڵاوبۆتەوە.

٤. نامە خەت خەتییەکان، (٢٠٠٣) بڵاوبۆتەوە.

٥. لەیلا ناوی هەموو کچانی دونیایە، (٢٠٠٤) بڵاوبۆتەوە. (فاتیمە ئەدهەم) ئەم کتێبەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.



Scanned with CamScanner

٦. نهێنی مرواریییەکانی شەهرزاد، (٢٠٠٤) بڵاوبۆتەوە.
٧. پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی، (٢٠٠٥) بڵاوبۆتەوە.
٨. هەر نامەبەرێک پێغەمبەرێکە، (٢٠٠٥) بڵاوبۆتەوە.
٩. باڵەکانت لە کوێ دانا، (٢٠٠٥) بڵاوبۆتەوە.
١٠. چا بە تامی خودا، (٢٠٠٥) بڵاوبۆتەوە. (شیعر)
١١. لە سینەتدا نەهەنگێک لێدەدات، (٢٠٠٦) بڵاوبۆتەوە.
١٢. جوامێر، ناوێکی دیکەی تۆ، (٢٠٠٧) بڵاوبۆتەوە.
١٣. من هەشتەمینی ئەو حەوت کەسەم، (٢٠٠٧) بڵاوبۆتەوە.
١٤. لەسەر رووی تەختەی جیهان بە گەچی نوور بنوسە، (٢٠٠٧) بڵاوبۆتەوە. (شیعر)
١٥. دوو رۆژی ماوە بۆ کۆتایی دونیا، (٢٠١٢) بڵاوبۆتەوە.
١٦. من بیابان، هاوسەرم با، (٢٠١٣) بڵاوبۆتەوە. (شیعر)

بەرهەمەکانی بە گشتی دەقی ئەدەبی کورت کورتن و لە شێوەی رۆمانی بچوک، یان کورتە چیرۆکدان، بەڵام دەشێ بڵێین توانیویەتی زۆرترینی بابەتە عیرفانی و چەمکە عیرفانییەکان لەم کتێبانەیدا بە کەمترین ووشە پیشانبدات، کە پێشتر دەشێ بڵێین پیشینەی لەمجۆرە لە ئەدەبیات و عیرفانی ئێرانیدا نموونەی گەر نەڵێن نەبووە، ئەوا زۆر کەم بووە.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# من و ئاهاری

دەروونناسی بەناوبانگی سەدەی بیستەم (ئەریک فرۆم) باوەڕی وایە کاتێک کەسانێکمان خۆشدەوێت، لەبەرئەوەیە خۆمان لەواندا دەبینینەوە، بە مانایەکی تر ئەوان دەبنە ئاوێنەیەک بۆمان، گەر ئەم گوتەیە وەربگرین دەشێ لە ژیانی هەر یەکەماندا چەندین کەس بووبنە ئاوێنە بۆمان، ئیدی ناسراو و نزیک بن یان نا، (خانم ئاهاری) یەکێکە لەو کەسانەی نەک هەر بەندە، بەڵکو گەلێک لە مرۆڤەکان خۆیان لە نووسین و بەرهەمە عیرفانییەکانیدا بینیوەتەوە، ئاخر ئەو باس لە رۆح و مەعنەوییەت و عیرفان و جوانی و ناسکی و قەشەنگی دەکات، شت گەلێک نەک بۆ هیچ کام لە مرۆڤی دەروون دروست و جوانبین و خوازیاری رۆحانییەت و مەعنەوییەت بێئاگانە نین، بەڵکو سەودا و مامەڵەی لەگەڵ ئەو دونیایەیە کە ئەم بابەت و چەمکە نوورین و قەشەنگانە بەشێکی زۆری پێکدەهێنن.

حەوت ساڵ لەمەوبەر و پاش ئەوەی هاوڕێی و برای ئازیزم (کاک بیلال باسام) ئاگاداری کردمەوە لە هاتنی خانمی نووسەر (دکتۆرە عیرفان نەزەر ئاهاری) بۆ هەرێمی کوردستان و داوای ئەوەی لێکردم کە بیبینم و چاوپێکەوتنێک یان دیدارێکی لەگەڵدا



Scanned with CamScanner

ساز بکەم، هەڵبەتە تاکو ئەو کاتە نەک هەر ئاشنای نووسینە جوانەکانی ئەم خانمە نەبووم، بەڵکو ناویشم نەبیستبوو و هیچ شتێکم لەبارەیەوە نەدەزانی. بۆیە لەسەر قسەی ئەو هاوڕێ ئازیزەم ڕۆیشتم بەدوای دۆزینەوەی ئەو خانمەدا و لە کۆتا ڕۆژی فیستیڤاڵی گەلاوێژدا و تاکو کۆتا کاتی فیستیڤاڵەکە مامەوە، هەڵبەتە بە بێ ئەوەی پرس و گەڕانێکی بۆ بکەم، هێندە نەبێت (کاک بیلال) باسی لە هاتنی کردبوو، پاش ئەوەی دواکاتەکانی فیسیڤاڵ کۆتاییان هات، لە ڕیزی پێشەوە کورسیەکانەوە چەند خانمێکم بینی بەیەکەوە قسەیان دەکرد، بۆیە ڕاستەوخۆ بەرەو لایان ڕۆیشتم و لێیان نزیکبوومەوە، بەبێ ئەوەی کەسیان بناسم و ئاشناییم لەگەڵ هیچکامیان هەبێت، پرسیارم لە یەکێکیان کرد و پرسیم: ببورە خانم (عیرفان نەزەر ئاهاری)، ڕاستەوخۆ و بە بێ وەستان وەڵامی دامەوە بەڵێ خۆمم. ئیدی پاش وتووێژێکی کورت و خۆناساندنم و باسکردن لەوەی چۆن و لە ڕێگەی چ کەسێکەوە هاتووم، شەو کاتێکمان دیاری کرد بۆ ئەوەی یەکتر ببینین و زیاتر باس لە چەند بابەت و شتانێکی پەیوەست بە نووسین و گفتوگۆوە بکەین. پاش ئەوەی لەگەڵ خاتوو (کەیغان)ی هاوسەرم و برای ئازیزم مامۆستا (زوبێر عەلی عارف) پێکەوە لە کاتی دیاریکراو گفتوگۆیەکمان لەگەڵیدا ساز کرد و پاش وەرگێرانی لە لایەن (کاک

بیلال)ی ئازیزەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرا، لە گۆڤاری (چاوی هەژان)دا بڵاومان کردەوە.

دوای ئەم گفتوگۆیە زیاتر بە بەرهەم و بیری ئەم خانمە بیر جوان و قەشەنگەوە ئاشنابووم، کە تەژین لە عیرفان و ڕۆحانییەت و لە کەمترین نووسیندا توانیویەتی زۆرترین پانتایی و بەرینایی بابەتە ڕۆحی و عیرفانییەکان پیشان بدات، بە جۆرێک دەشێ بڵێین لە هەر نووسینێکی کورتیدا «دیارە کورتە چیرۆک و کورتە ڕۆمان دەنووسێت» توانیویەتی گوشراوی بابەتێکی مەعنەوی و چەق و ناوەندی ڕۆحانیترین چەمک و بابەت پیشانبدات و لەوەش گرنگتر توانیویەتی بە زمانێکی سادە و بینراو، مەزنترین بابەتە نەبینراوە و نەدیتراوەکان نومایان بکات و خوێنەر بەرێتە نێو دەریای مەعنەوییەت و عیشق و عیرفانەوە. ڕەنگە بە خوێندنەوەی نووسین و کتێبەکانی خوێنەری خۆشەویست زێدەتر ئەم بابەتەی بۆ کەشف ببێت.

پاش ساڵێک زیاتر بەسەردانێک لەگەڵ هاوژینم (کەیغان خان) سەردانی ئێرانمان کرد و چووینە خزمەتیان، شەوێک لایان ماینەوە و باسی چەندین بابەت و باس و کەسایەتی و نووسین و کاری هەریەکەمان بۆ یەکتر کرد، خوشک ئاسا بە جۆرێک خزمەتی کردین کە دەتگوت عەیامێکە بەیەکتر ئاشناین، ئەو گوتەی عاریفەم بە بیر دەێتەوە کە دەفەرموێ: تو

تەنها ئەم ژیانی دونیایەت نەبووە، بەڵکو لە هەرێمی نەبوونەوە تاکو سنوور و هەرێمی بوون رێگەت تەی کردوە، ئیدی ئێمە هەر لە ئەزەلەوە رۆحەکانمان بەیەکدی ئاشنایە و هەندێکمان خۆمان لە ئاوێنەی ئەوانیتردا دەبینینەوە و، سوپاسی خوای گەورە دەکەم بۆ بەخششە زۆر و لە ژمارە نەهاتووەکانی کە بێگومان ئەم خانمە و چەندەها کەسی دیکە، تەنانەت لەوسەری دونیاوە بەخششی ئاشنایەتیمان لەگەڵیاندا پێدەبەخشێت کە دەشێ بڵێین هەندێک لەوانە گەوهەرە دەگمەنەکانی دونیای نوێ و سەردەمی نوێن.

ئەم بەرهەمە چکۆلانە بە قەبارە و مەزن بە ناوەرۆک، هەڵبژێر یان گوڵچنێکە لە باغی بەرهەمدار و سەرسەوزی نووسین و بەرهەمەکانی (ئاهاری) کە (مەولانا) گوتەنی: باغێکی سەوز و تەڕە و جگە لە عیشق و شادی شتێکی دیکەی تێدا نییە. بە ئومێدی چەشتن و ئەزموونکردنی ئەم باغە و دواجار وەرگرتنی چێژی رۆحی و مەزنبوونی رۆح.

**موسعەب ئەدهەم**

**٢٠١٦/١١/٢٩-سلێمانی**



## دڵم کاروانسەرایەکی دێرینە

دڵم کاروانسەرایەکی کۆن و دێرینە. من نەبووم ئەو کاروانسەرایە هەبووە، من هەڵم نەکەندووە. من بیناکەیم بەرز نەکردەوە، من دیوارەکەیم بونیاد نەناوە، من کە هاتم دروستکرابوو، تەواو بوو بوو، بینیم کە هەزار حوجرەی هەیە، لە هەر حوجرەیەکدا چرایەکی هەڵواسراو کە ڕووناک بوو دەسوتا، بو ڕۆنێک دەسوتا کە ناوی عیشق بوو.

دڵم کاروانسەرایەکی دێرینە، بەڵام من خاوەنەکەی نیم، خاوەنی کاروانسەراکەش هەر ئەوە. کلیلەکەی بە من نادات، خۆی دەرگاکاکانی دادەخات، خۆی دەیانکاتەوە، هەموو شتێک لە ژێر دەستی ئەو دایە، ڕێگە پێدانی هەموو شتێک.

دڵم کاروانسەرایەکی دێرینە، هەمووان دێن و دەڕۆن و هیچ کەس نامێنێتەوە، هیچ کەس ناتوانێت بمێنێتەوە. ئاخر شوێنی ڕێبواران و ماڵی



Scanned with CamScanner

ڕێبواران جێگەی مانەوە نییە. دەڕۆن و جگە خاک و ڕۆشتنیان شتێک بۆ من نامێنێتەوە. خۆزگە دڵم ماڵ بوایە، ماڵێکی بچووک و کەسێک دەهات و نیشتەجێ دەبوو، دەهات و دەمایەوە و دەژیا. ڕەنگە چەندین ساڵ هەر کاتێک کە ڕێبوارێک دێت، کاروانسەراکەم بە چراخان و شوێنی ڕۆنی پڕ لە عیشق دەکەم، هەر جارێک دڵم دادەخەم و هەر جارێک فەرامۆشی دەکەم کە ڕێبوارێک بۆ ڕۆیشتن هاتووە.



Scanned with CamScanner

## هەور و ئاوریشم و عیشق

هەزار و یەک ناوت هەیە و من لە هەموو ئەو ناوانە ناوی « لگیف»م خۆشتر دەوێت، کە بیر لە هەور و ئاوریشم و عیشق دەکەمەوە. زۆرباش لە بیرمە کە لە بەهەشتەوە هاتم، جەستەم لە نوور بوو و پەڕ و باڵم لە نەسیم و شنەبا. بەڵام نەرم و ناسک « لطیف» بووم، لە نێو مشتی دونیادا جێگەم نەدەبوویەوە. بەڵام زەوی ڕەش بوو، پیس بوو، ساف و سەخت بوو. دامێنم بە سەختییەکەیەوە گیر بوو و دەستم تێکەڵ بوو بە پیسی و لیڵییەکەیەوە و منیش هەموو ڕۆژێک دڵۆپ دڵۆپ پیستر و لیڵتر دەبووم و گەرد گەرد سەختتر.

من بوومە بەرد و بەربەست و دیوار. ئیدی نوور و ڕووناکی لەمنەوە تێپەڕ ناکات و ناگوزەرێت، ئیدی ئاوی پێدا تێپەڕ نابێت، ڕۆح لە نێومدا ناڕوات و گیان ڕۆیشتنی نییە.

ئێستا تەنها یادگارییەکم لە بەهەشت و لە نەرمی و ناسکییەکەی، چەند دڵۆپە فرمێسکێکە کە لە گوشەی دڵمدا شاردومنەتەوە. ناگریم تاکو تەواو نەبن، دەترسم پاش ئەوەی کە تەواو بوون لە چاوەکانمدا وورده بەرد ببارێت.

یا لطیف! ئەمە خوو و نەریتی دونیایە کە فرمێسک، ببێتە وورده بەرد و ڕۆح ببێتە بەرد و گاشە بەرد؟ ئەمە خووی دونیایە کە شووشەکان بشکێنێت و دڵە ناسکەکان واڵا و یەکالا بکاتەوە؟

کاتێک پیسین، کاتێک سەراپا لیڵین، بە چاو دێین و دەبینە دیده و ڕوخسار، بەڵام ناسکی و نەرمی هەر شتێک کە لە سنوور تێپەڕی، نامێنێت و دیار نامێنێت.

یا لطیف! خۆزگە دووبارە و جارێکی تر، مشتێک، تەنها مشتێک لە نەرمی و ناسکیت پێدەبەخشیم تاکو لێم دەچۆڕا و هەڵم دەکرد و نادیار دەبووم، وەک هەوا کە نادیارە، وەکو خۆت کە نادیاری...

یا لطیف! مشتێک، تەنها مشتێک لە نەرمی و ناسکی و « لطیف»ی خۆتم پێ ببەخشە...

## خودا چلچرایەکی لە ئاسماندا هەڵواسیوە

وتیان: چل شەو حەوشەی ماڵەکەت گسک بدە و بیشۆرەوە. شەوی چەلەمین، حەرزرەتی «خزر» دێت. چل ساڵ ماڵەکەم پاککردەوە و شۆردم و گسکم دا «حەزرەتی «خزر» نەهات. چونکە بیرم چوو بوو حەوشەی خەڵوەتی دڵم پاک بکەمەوە و بیشۆم.

* * *

ووتیان: چلەنشینی بکە. چل شەو خۆت بەو خودا و خەڵوەت. شەوی چەلەمین دەچیتە سەربانی ئاسمان. من چڵ ساڵ لە چلەی گەورەی زستان تاکو چلەی بچووکی هاوین بۆ چلە دانیشتم، بەڵام هەرگیز بۆنی باڵایی و بەرزییەکم نەکرد. چونکە لە یادم چوو بوو کە خۆم بە چل ستوون و پایەی دونیاوە زنجیر کردووە.

* * *

وتیان: دڵت پڕ لە نیانی بەهەشتییە. خودا عیشقی تێدا پێچاوەتەوە. گەڵای نیانی دڵت واڵا بکە تاکو بۆنی بەهەشت لە سەرزەویدا بڵاو ببێتەوە.

بەمجۆرەم کرد، بۆنی نەفرەت جیهانی گرتەوە. تازە زانیم بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت، شەیتان لە دڵمدا چل پارچەیەکی بۆ خۆی دووریوە.

کە دەگەمە ئێرە، نائومێد دەبم، بە جۆرێک کە دەمەوێت بەتەواوی بەرەو جەهەننم برۆم. بەڵام فریشتەیەک دەست دەگرێت و دەڵێت: هێشتا بوار ماوە، سەیری ئاسمان بکە. خودا چلچرایەکی لە ئاسماندا هەڵواسیوە کە هەر چرایەکی دڵێکە. دڵت ڕووناک بکەرەوە. تاکو چلچرای خودا دابگیرسێنیت. فریشە مۆمێکم پێدەدات و دەڕوات.

* * *

ڕاستیەکەی ئەمشەو سەیری ئاسمان بکە، ببینە و سەیر بکە و بزانە دڵ چەند لە چلچرای خودا ڕووناکە.

# داستانەکانی جوامێر

-١-

جوامێر نزای دەکرد و ئاوێنەی لە خودا دەویست، تاکو خۆی تێدا ببینێتەوە، خودا دوعا و نزاکەی لێوەرنەگرت و جوامێریش سوور بوو لەسەر ئەوەی وەڵامی نزاکەی بدرێتەوە.

سەرەنجام ڕۆژێکیان دوعای جوامێر وەرگیرا و خودا ئاوێنەیەکی پێبەخشی، جوامێر لە ئاوێنەکەدا حەقیقەتی خۆی بینی، کراسێک بوو چڵکن و پڕ لە چڵک و ناپاکی.

جوامێر ترسا و ووتی: نەخێر، خودایا، بەڵام ئەمە من نیم، ئەی کوا ئەو هەموو شەوق و تاسە و ئیشتیاق و ئەو هەموو عیشق و ئەو هەموو سوتان و ئاهو و ناڵانە کە هەمبوون؟

خودا فەرمووی: ئەو هەموو سوتان و شەوق و تاسە و ئەو هەموو عیشقە تۆ نیت، ئەوە منم کە هەندێکجار دەیانخەمە نێو ڕۆح بەرگی تۆوە. جوامێر بێدەنگ بوو و ئیدی هیچی نەوت.

-٢-

پیاوێک هات بۆ لای جوامێر و ووتی: شتێکی پیرۆزم لێت دەوێت، ئەویش جلوبەرگەکەتە. بیدە بە من تاکو منیش گەورە و جوامێر بم.

- جوامێر ووتی: بەرگی من هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام پرسیارێکم هەیە، وەڵامم بدەرەوە، بەرگەکەم بۆ تۆ.

- پیاوەکە ووتی: بپرسە.

- جوامێر گوتی: ئەگەر پیاوێک عەبایەکی ئافرەتانە بدات بەسەریدا دەبێتە ژن؟

- پیاوەکە ووتی: نەخێر.

- جومێر گوتی: ئەی ئەگەر ژنێک جلوبەرگی پیاوانە لەبەربکات چی؟ ئایا دەبێتە پیاو؟

- پیاوەکە ووتی: نەخێر.

- جوامێر ووتی: کەواتە بە دوای ئەوەوە مەبە کە بەرگی جوامێران بپۆشی، چونکە تەنانەت ئەگەر پێستی مرۆڤە گەورەکانیش بپۆشی، ئەوا هیچ لە ناوەوەت ناگۆڕێت، هەربۆیە جوامێری بە گیانە، نەک بەرگ و پۆشاک.



Scanned with CamScanner

-٣-

جوامێر دەیگوت: تەمەنێکە شەرمەزاری خودام، چونکە ڕۆژێکیان بانگەشەی دۆستایەتی خودام دەکرد وتم: خودایا، شەست ساڵە لە دەرگای دۆستی تۆ دەدەم و لە شەوقی تۆ دەسوتێم و تۆ وەڵام نادەیتەوە.

خودا فەرمووی: ئەگەر تۆ شەست ساڵە لە دەرگای دۆستی منت داوە، من لە ئەزەلەوە لە دەرگای دۆستی تۆم داوە و لەو شەوق و ئیشتیاقەی کە بۆ تۆم هەیە دروستمکردویت!

جوامێر گوتی: هیچ کەس نییە کە لەدۆستیدا لە خودا پێش بکەوێت.

خودا لە هەمووشتێکدا دێرینە و لە دۆستیدا دێرینترین.



Scanned with CamScanner

-٤-

ئەگەر دڕکێک بە پێی کەسێکدا بڕوات - کەسێک کە لە لایەکی ژیانەوە ژیاوە - ئەو دڕکە بە پێی «جوامێر»دا ڕۆیشتووە، «جوامێر»ە کە ئازار دەچێژێت. ئەگەر برسیەتی سەرێک بشکێنێت، ئەگەر خوێنێک لە جێگەیەکدا بڕژێت، ئەوە «جوامێر»ە کە بریندار دەبێت، ئەوە خوێنی «جوامێر»ە کە دەڕژێت.

ئەگەر غەم و پەژارەیەک بچێتە ناو دڵی کەسێکەوە، ئەگەر دڵێک بگیرێت و بشکێت، ئەو غەم و پەژارەیە دەبێتە هی «جوامێر» و ئەوە دڵی «جوامێر»ە کە دەگری و دەشکێت.

* * *

"جوامێر» گوتی: خودایا بۆچی هێندە بە ئاگا و ئاگادارم دەکەیتەوە، لە هەر دڕکێکی جیهان و لە هەر خوێنێکی جیهان و لە هەر غەم و پەژارەیەکی؟ بۆچی جیهانت بەم بچووکییە لە ناوجەستە و لاشەی مندا جێ کردۆتەوە؟

خودا فەرمووی: جیهانم خستۆتە ناو جەستەی تۆوە، چونکە نابیتە «جوامێر»، مەگەر ئەوکاتەی کە ببیتە مەردی»جیهان» و پیاوی جیهان!

-٥-

ڕۆژێکیان پیاوێک پرسی: نیشانە و هێمای جوامێری چییە؟ تاکو ئێمەش پیاوەتیمان بکەینە جوامێر.
جوامێر گووتی: کەمترین نیشانەی ئەوەیە کە ئەگەر خودا هەزار کەرامەت لەگەڵ هاوڕێکەتدا بکات و یەک کەرامەت لەگەڵ تۆدا، تۆ ئەو یەک دانەیەی خۆت هەڵبگریت و بیخەیتە سەر هەزار دانەکەی ئەو.
پیاوەکە گووتی: وای بۆ ئێمە کە لە مەردی تاکو جوامێری، هەزار هەنگاوە و ئێمە هێشتا لە هەنگاوی یەکەمداین.

-٦-

ئەی جوامێر جیهانت خۆش دەوێت یان دواڕۆژ؟ بەهەشتت خۆشتر دەوێت یان دونیا؟ ژیانت خۆشتر دەوێت یان مەرگ؟
گووتی: لە سەرای دونیادا، لە ژێر دڕکێکدا ژیانکردن و ژیانم لەگەڵ خودادا خۆشتر دەوێت، تاکو لە بەهەشت، لە ژێر درەختی «طوبی» و بێ ئاگابم لە ئەو!

Scanned with CamScanner

## هەر کاتێک کە دەڕۆیت، گەیشتوویت

... پشتی قورس بوو و جادەکانی دونیای بە دوور و درێژ دەزانی کە هەمیشە جگە لە کەمێکی زۆر، شتێکی نەدەویست.

وورده وورده دەخلیسکا، دژوار و هێواش، شتە دوورەکان هەمیشە دوور بوون.

کیسەڵ ئەوەی بۆی دانرا بوو»تقدیر«ی خۆش نەدەویست و وەکو ئەرکێک لەسەر شانی هەڵیدەگرت.

باڵندەیەک لە ئاسمان باڵی لێکنا، سووک، کیسەڵ ڕووی کردە خودا و وتی: ئەمە دادپەروەری نییە، ئەمە دادگەری نییە.

خۆزگە هێندە پشتت قورس نەدەکردم، من هیچ کات ناگەم، هیچکات.

لە قورسی کۆڵەکەی پشتی خلیسکا، بە مەبەستی نائومێدی...



Scanned with CamScanner

خودا کیسەڵی لەرووی زەویەوە بەرز کردەوە.
زەوی پیشاندا، بازنەیەکی بچووک بوو.
پێی ووت: سەیرکە و بنوارە، سەرەتا و کۆتاییەک لە ئارادا نییە، هیچ کەس ناگات. !
چونکە ڕۆیشتنێک لە ئارادا نییە، تەنها ڕۆیشتنە.
تەنانەت ئەگەر کەمێکیش. هەر کاتێکیش کە دەڕۆیت، گەیشتوویت.
باوەڕیش بکە ئەوەی لە ئەستۆی تۆدایە و لەسەر شانتە تەنها ئەرکێکی قورس نییە، تۆ پارچەک لە بوون هەڵدەگریت، بەشێک لە شتەکانم.
خودا کیسەڵی خستەوە سەر زەوی... .
ئیدی نە کۆڵەکەی هێندە قورس بوو و نە ڕێگەکان هێندە دوور.
کیسەڵ کەوتەڕێ و ڕۆیشت، تەنانەت گەر کەمێکیش، بەشێکیش لە «ئەو»ی هەڵدەگرت.



Scanned with CamScanner

## ئەو بتە ئیبراهیمی دەویست

ئەو بتە دەگریا. چونکە هەرگیز نەیتوانیبوو نزا و پاڕانەوەیەک گیرا بکات و وەربگرێت و موعجیزەیەک بهێنێتە دی. لەبەرئەوە شادومان نەبوو لەو پێشکەشکردنانەی کە دەیانخستنەبەر پێی و لەو قوربانیانەی کە بۆیان دەهێنا. چونکە دڵتەنگی کێوێک بوو کە لێیان جیاکردبوویەوە و بێزار لەو تەورەی کە تاشیبوی و ماتومەلوول لەوانەی ناوێکیان بۆ دانابوو و ستایشیان دەکرد. بتی گەورە دەگریا، چونکە دەیزانی نە گەورەیە و نە بەشکۆ و نە پیرۆز.

هەمووان دەکەوتن بەسەر پێیەکانیدا و لەبەردەمیدا چۆکیان دەبرد ئەویش بۆ خودا دەچەمییەوە.

ئەو بتێک بوو کە گەورەیی نەدەخواست. مەزنی و گەورەیی و پیرۆزی نەدەویست. ناوی نەدەویست و ناونیشانی نەدەویست.

ئەو دەگریا و تەوری لە خودا دەویست. ئیبراهیمی دەویست. شکان و ووردبوونی دەخواست.

بەڵام خودا نزا و دوعاکانی وەرنەدەگرت.

هەزار ساڵ تێپەڕی. هەزار ساڵ.

ڕۆژێک سەرەنجام خودا تەورێکی نارد بۆ ئیبراهیم.

ئەو ڕۆژە بتە گەورەکە زیاتر لە هەر ڕۆژێکیتر گریا، بەرزتر لە هەر ڕۆژێک.

چونکە زانی کە ئیبراهیمێک نابێت. چونکە زانی و بۆی دەرکەوت کە پاش ئەمە ئەو هەم بتە و هەم ئیبراهیم.

خودایا، خودایا، خودایا چۆن بتێک دەتوانێ تەوَر لە خۆی بدات؟

چۆن بتێک دەتوانێت خۆی بشکێنێت و خۆی ووردو خاش بکات؟

چۆن؟ چۆن؟ چۆن؟

خودایا ئیبراهیمێک بنێرە، خودایا ئیبراهیمێک بنێرە، خودایا ئیبراهیمێک...

بەڵام خودا ئیبراهیمێکی نەنارد.

* * *

بەلام بێباکی و دلێری و ئازایەتی نارد، ئیبراهیم ئاسا.

ئای چەند ڕۆژێکی گەورە بوو ئەو ڕۆژەی کە بتێک تەوری لە خۆیدا و خۆی شکاند و خۆی وورد و خاش کرد.

خەلکی دەیانوت ئەمە بت نەبوو، بەردێک بوو سست و خاکی و پەرش و بلاو بوو. بۆیە ناویان لە یادکرد و پارچەکانیان خستە ناو ئاوەوە و خاکەکەشیان دایە بەر هەوا.

ئیدی کەس ناوی ئەوی نەبرد، ناوی ئەو بتەی کە خۆی شکاند.

بەلام هێشتا دەنگی شادی ئەو بەرگوێ دەکەوێ، دەنگی شادی ئەو مشتە خاکە کە لە ستایشی خەلکی ڕزگاری بوو.

دەنگی ئەو کە بە عیشق و شکۆ و ئازادی گەیشت.

Scanned with CamScanner

## دونیا بێستونە، بەڵام فەرهادی نییە

دونیا بێستونە، بەڵام فەرهادی نییە و ئەو تەورە هەزار ساڵە کە لە شکانی کێودا کەوتووە. خەڵکی دێن و دەڕۆن، بەڵام هیچ کەس بە دوای ئەو ئامێری بەردتاشەدا ناگەڕێت. ئیدی کەسێک نەخشێک لەسەر ئەم سنگە سەخت و بەهێزەدا ناکێشێت.

دونیا بێستونە و لەسەر ڕووی هەر پایەیەک عیفریتی فەرهاد کوژ دانیشتووە. هەموو ڕۆژێک دێتە خوارەوە و لە گوێیەکانتدا دەڵێت کە شیرین تۆی خۆش ناوێت و جیهان تاڵ دەبێت.

بەڵام تۆ باوەڕ مەکە. عیفریتی فەرهاد کوژ درۆ دەکات. چونکە تاکو عیشق هەیە، شیرین هەیە.

بەڵام هەندێجار عیشق سەخت دەبێت، هێندە سەخت کە تەنها تاشەری بەردەکان لێی دەردەچێت.

لەسەر ڕووی ئەم بێستونە ناساز و ناهەموارە هەندێجار تەنها بە بەردتاشێک دەتوانرێت جێگە و شوێنی عیشق بەدیار بخرێت.

گەر نا هیچ کەس باوەڕ ناکات ئەم بێستونە فەرهادێکی هەیە.



Scanned with CamScanner

* * *

ئێمە فەرهادین و ئەوانیتر پێمان پێدەکەنن. ئێمە فەرهادین و دەمانەوێت لەسەر بەردەکانی ئەم دونیایە، جۆگەیەک لە شیر و جۆگەیەک لە هەنگوین بکێشین. لە مەلەکوتەوە تاکو چاڵی قوڵ. عیشق، شیر و عیشق، شەکر، عیشق، شەکر و عیشق. هەنگوین، شیر و شەکر و هەنگوینی عیشق، نەک لە دەستی شیرین، بەڵکو لە دەستەکانی خوسرەودایە. بەڵام خوسرەوی ئێمە خودایە.

* * *

ئێمە بە عیشقی ئەم خوسرەوەیە کە لە بێستوندا ماوینەتەوە. ئێمە بە عیشقی ئەم خوسرەوەیە کە بەردتاشێک لە ڕەگ و ڕیشەی هەر بەرد و گاشە بەردێک دەدەین. ئێمە بە عیشقی ئەم خەسرەوە... وە گەرنا شیرین بیانووە.

* * *

ئێمە سەما دەکەین و بێستون سەما دەکات.

ئێمە پێدەکەنین و بێستون پێدەکەنێت. بهێڵە ئەوانی تریش پێمان پێ بکەنن. ئەوان نازانن خوسرەوی ئێمە چەند شیرینە!



Scanned with CamScanner

# زەوی ئیمانی هێنا و جیهان سەوز بوو

زەوی سەرمای بوو، چونکە ئیمانی لە دەستدا بوو، نە تۆوێک لە دڵیەوە سەری دەردەهێنا و نە باڵندەیەک لەسەر ڕووی شانەکانی ئاوازی دەخوێند.

دڵی بە هۆی نائومێدیەوە بوو بوویە سەهۆڵ و دەستەکانی بە هۆی بەستنەوە دوو دڵ مابوونەوە.

خودا بە زەوی ووت: خۆشەویست و ئەزیزم ئیمان بهێنە، تاکو دووبارە و جارێکیتر گەرم ببیتەوە.

بەڵام زەوی گومانی کردبوو، گومانی لە خۆر کردبوو، گومانی لە باڵندە کردبوو.

خودا فەرمووی: لە یادتە ئیمانی ساڵی پێشووت چۆن بە پاڵفتەیی گەیشت؟ تۆ گەرم و پڕ شەوق و تاسە بووی و بوویتە هاوین، شەوق و تاسەت بەرهەمی دەرکەوت و ووردە ووردە لەو شەوق و تاسەیە بەرەو پێگەیشتن و لە پێگەشتنەوە بە مەعریفەت گەیشتی، ئەو مەعریفەتەمان ناو نا پاییز.

بەڵام من بە تۆم ووت پاش هەر ماریفەتێک، ماریفەتێکیتر هەیە و لێم پرسیت کە ئایا دەتەوێ تاکو

ئەبەد ئەم ماریفەتەت بەس بێت و هیچی تر نەخوازیت؟

بەڵام تۆ بێقەراری ماریفەتێکیتر بوویت و پاشان بە یادم هێنایتەوە کە هەر ماریفەتێکیتر لە دوای هەزار ڕەنج و ئازارێکیترە و تۆش بۆ مەعریفەتێکی نوێ پێویستت بە ئیمانێکی نوێ هەیە. بەڵام لە نێوان مەعریفەتی نوێ و ئیمانی نوێدا دووری و ماوەیەکی سارد هەیە کە ناوی زستانە. دووری و ماوەیەکە کە دەبێت تیایدا بچیتە خەڵوەت و تێڕامان و ووردبوونەوە و ئەزموونەوە، سەبوری و سکوت و بێدەنگی و سەنگینی، تۆش قبوڵت کرد و پێی ڕازی بووی.

بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە کە لە زستانی خۆت بێیتە دەرەوە و ئیمان بهێنی و ئەوەی لە زستانەوە فێر بوویت لە ئیمانی تازە و نوێدا بەکاری بهێنی، چونکە مانەوە لەم بێدەنگی و سکوت و سەنگینییەدا ڕێوڕەسمی ئیمان نییە، ئیمان شکۆفەیی و شەوق و تاسە و شادومانییە، ئیمان ژیانە.

لەبەرئەوە ئیمان بێنە ئەی زەوی خۆشەویست!

ئیدی زەوی ئیمانی هێنا و جیهان گەرم بوو.

زەوی ئیمانی هێنا و جیهان سەوز بوو.

زەوی ئیمانی هێنا و جیهان بە شەوق و تاسە و شادومانی گەیشت.

ناوی ئیمانی تازەی زەوی، بەهار بوو.



## بەهار! پەردە لەسەر عاشیقی لابەرە

بەهار عاشیق بوو و زەوی مەعشوق. عیشق نائارامی دەهێنا و بەهار نائارام بوو. بەڵام زەوی ئارام و سەنگین و بە سەبر.

زەوی هەموو ڕۆژێک ڕاز و نهێنییەکی بە بەهار دەدا و دەیگوت: ئەم ڕازە و نهێنییە بە کەس مەڵێ. نە بە نەسیم و شنە با نە بە باڵندە و نە بە درەخت. کە ڕازەکانت ئاشکرا کردن بە بادا دەچن و ڕاز و نهێنی بە باداچوو ڕیسواییە.

هەر تووێک ڕازێک بوو و هەر چرۆ و گۆپکە و لقێک نهێنییەک. هەر دڵۆپێک باران و هەر دانە بەفرێک ڕازێک.

ڕازەکانیش بێقەرار و بێ ئارام ئاشکرا بوو بوون و بەهار نا ئارام و ئاشکراکردن.

بەڵام زەوی دەیوت: هیچ مەلێ، بێدەنگی و خامۆشی ڕمز و نهێنی عاشیقیە و عاشیقی سنگێکی فراوانی دەوێت. بە فراوانی عیشق،

زەوی دەیوت: دەمت دابخە تاکو ئەم بەردە ڕەشە ببێتە ئەڵماس و ئەم خاکە تاڵە ببێتە شکۆفەی گێلاس.

زەوی دەیوت: ... زستان سارد، زستان سوتان، زستان سەنگین و قورس و بەتەمەنداچوو.

بەهاریش لە هەموو زستاندا سەبووری و بەرگەگرتن و ئارامگری و بێدەنگی و سکوت فێربوو.

چەندین ڕۆژ تێپەڕین و چەندین هەفتە و چەندین مانگ. چەندین سات و چرکە سارد و چەندین کاتژمێر سەخت. بەبێ ئەوەی هیچ کەس لە بارەی بەهارەوە بڵێ و بە بێ کەسێک لە بارەی بەهارەوە بزانێ.

ڕاز و نهێنەکان لە دڵی بەهاردا بڵاوبوونەوە و چرۆیان دەرکرد و هاتنە سەرەوە و بەهار بە جۆرێک پڕ بوو و هێندە پڕ بوو لێی دەڕژا، ئیدی پیستی نەما و دڵی بوویە هەزار پارچە.

زەویش دەیگوت: عاشیقی ئەمەیە کە بەهۆی توندی پڕبوونەوە سەرەونخون ببیتەوە و لە توندی چێژ هەزار پارچە بیت. عیشق ئاگرە و دڵ ئاگردان و ئاتەشگاە. بەڵام عاشقی ئەوکاتەیە کە دڵ ببێتە ئاگر پرژێن.

زەوی دەیوت: ڕاز و نهێنییە بچووکەکان و

عاشیقییە هیچ و ناچیزەکان بەهای ئەوەیان نییە بڵاو ببینەوە و ئاشکرا ببن. ڕاز و نهێنی دەبێت مەزن بێت و عاشقیش ترسناک، دەبێت پەردەش لەسەر عاشقی ئەو کاتە لاببرێت کە جیهان حیرەت بکات.

ئیدی بەهار پەردەی لەسەر عاشقی لابرد، ئەوکاتەی کە ڕازەکەی مەزن و گەورە بوو و عیشقەکەشی ترسناک.

ئیدی دواجار جیهانی حیران و تووشی حیرەت کرد.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner



# حیکایەتی مانگ و پڵنگ و عیشق

عیشق، پڵنگێکە کە لە ڕەگەکانم دێت و دەڕوات و ڕا دەکات. پڵنگێک دەیەوێت تاکو لای خودا بڕوات.

من ئەم پڵنگە نابەستمەوە و دەستەمۆی ناکەم. تەنانەت ئەگەر قەفەسی جەستەم بشکێنێت.

خودا لە مانگێکدا جیلوە و جوانیمان پیشاندەدات و ئەم پڵنگەش دەیەوێت تاکو مانگ بفڕێت. حیکایەتی پڵنگ و مانگ گەلێک سەرسوڕهێنەرە. بەڵام هەرچی نامومکینترە، جوانترە.

پڵنگی عیشق هەوای گرتنی مانگ لە کەللەی سەری داوە و بە ئاسماندا هەڵدەگەڕێت. بەڵام هەزار فەرسەخ ماوە بۆ گەیشتن بە ئاسمان و دەکەوێت. دەرگاکانی جیهان پڕ لە پڵنگی مردووە کە هەرگیز پەنجەیان بە ئاسمان نەگەیشتووە.

بەڵام خودا پەڕی پڵنگەکە ئەندازە دەگرێ و پیوانەی دەکات، نەک گەیشتنی. پڵنگەکانیش دەزانن کە خودا پڵنگێکی خۆشتر دەوێت کە دوورتر دەفڕێت و بەرزتر دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner



# هیچ کەس مەعشوقی تۆیە

عاشیق دەیویست بڕوات بۆ سەفەر بڕوات. چەندین ڕۆژ و مانگ و ساڵ بوو کە جامانەی دەبەست. شەو و ڕۆژ دەیخستە نێو جەمانەکەیەوە. بەردەوام مانگەکانی ڕێکدەخست و بەرووی یەکدا دەیپێچان و بەدوای یەکدا ساڵەکانی کۆدەکردەوە و دەیخستنە سەر جامانەکەیەوە. ئەو هەموو ڕۆژێک شەممە و یەک شەممەی دەکردە ناو گیرفانی جامانەکەیەوە و چەندین سەدە ئەمکارەی دەکرد.

چەندین ساڵ بوو خودا ئاگای لێی بوو و سەیری دەکرد و هیچ شتێکی نەدەگوت. بەڵام سەرەنجام ڕۆژێکیان لە ڕێگەی دەنگێکەوە پێی وت: خۆشەویستی عاشیق، بیرناکەیتەوە خەریکە سەفەرەکەت درەنگ دەبێت و درەنگ دەکەویت؟ جامانەکەت گەلێک قورسە. لەگەڵ ئەم هەموو ساڵ و ئەم هەموو سەدە و ئەم هەموو مانگە و هەفتەیە دەتەوێ چی بکەیت؟

عاشیق ووتی: خودایا: عیشق سەفەرێکی دوور و درێژە. من پێویستم بەم هەموو مانگ و هەفتانە هەیە. بەم هەموو ساڵ و سەدانە، چونکە هەر ڕادەیەک

عاشیقی بکەم جاریکی دی هەر کەمە.

دەنگەکە ووتی: بەلام عاشیقی سووکییە. عاشیقی سەفەری سات و چرکەکانە. نەک درەنگی سەدەکان و سالەکان. بەرزبەرەوە و برۆ هیچ شتیک لەگەل خۆت مەبە، جگە لەم چەند سات و چرکەیە کە خودا بە تۆیان دەدات.

عاشیق ووتی: شتیک لەگەل خۆمدا نابەم... باشە. نە سەدەیەک و نە سالیک و نە مانگ و نە هەفتەیەک، بەلام خودایا: هەر عاشیقیک پیویستی بە کەسیکە، بە کەسیک کە هاوڕییەتی و هاوڕایی بکات. بە کەسیک کە پێ بە پێ لەگەلیدا بڕوات. بە کەسیک کە ناوی مەعشوقە.

خودا فەرمووی: نەخیر. نەکەسیک و نەشتیک، «هیچ شتیک»، تویشوو تۆیت و «هیچ کەس»، مەعشوقی تۆ، لە سەفەریکدا کە ناوی عیشقە.

پاشان خودا جامانەی عاشیقی سووک کرد و لیی وەرگرت و خستیە سەر ڕیگە. عاشیق کەوتە ڕێ و سووک بوو و هیچی نەبوو، جگە چەند چرکەیەک کە خودا پیی بەخشیبوو.

عاشیق کەوتە ڕێ و تەنها بوو و هیچ کەسی نەبوو. جگە لە خودا کە هەمیشە لەگەلیدا بوو.



Scanned with CamScanner



## لە کۆڵەکەتدا چیت هەیە؟

کۆڵەپشتیەکەی هەڵگرت و بەرێ کەوت. رۆیشت تاکو بەدوای خوادا بگەڕێت وووتی: تاکو خودا نەدۆزمەوە ناگەڕێمەوە. چڵەدارێکی بچوک و ڕەنجکێش لە کەناری ڕێگەدا وەستابوو. ڕێبوار بە خەندە و پێکەنینەوە بە درەختەکەی وت: چ تاڵە لە کەناری جادە بوون و نەڕۆیشتن.

درەختەکەش لە ژێر لێوەوە ووتی: بەڵام تاڵتر ئەوەیە بڕۆیت و ڕزگارت نەبێت و بە خاڵی بگەڕێیتەوە. خۆزگە دەتزانی ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێیت، هەر لێرەدایە. ڕێبوارەکە رۆیشت و وتی: درەختێک لە ڕێگەدا چی دەزانێت، پێیەکانی لە خاک و گڵدان، ئەوهیچ کات چێژی گەڕان نادۆزێتەوە و هێندەی نەبرد کە درەختەکە ووتی: بەڵام من گەڕانم

لە خۆمەوە دەست پێکردووە و کەس سەفەرەکەم نابینێت جگە لەوەی کە دەیکات.

ڕێبوارەکە ڕۆیشت و کۆڵەکەی قورس بوو. هەزار ساڵ تێپەڕی، هەزار ساڵی پڕ پێچاوپێچ، هەزار ساڵ بەرزی و نزمی. ڕێبوارەکە گەڕایەوە. ڕەنجاو و نائومێد. خودای نەدۆزیبوویەوە، بەڵام سەرکەشی و غروری ونکردبوو. گەیشتە سەرەتای جادە. ئەو جادەیەی کە ڕۆژێک لەوێوە دەستی پێکردبووە. درەختێکی هەزار ساڵە، بەرز و باڵا و سەوز لە تەنیشتی جادەکەوە بوو. لە ژێر سێبەرەکەیدا دانیشت تاکو کەمێک پشوو بدات. ڕێبوارەکە درەختەکەی نەهاتەوە یاد. بەڵام درەختەکە ئەوی دەناسی.

درەختەکە ووتی: سڵاو ڕێبوار، لە کۆڵەکەتدا چیت پێیە؟ میوانداری منیش بکە.

ڕێبوارەکە ووتی: باڵا بەرز، توێشەم خاڵییە! شەرمەندەم، کۆڵەکەم خاڵییە و هیچ شتێکم نییە.

درەخت ووتی چ چاکە، کاتێک هیچت نییە، هەموو شتێکت هەیە. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە دەڕۆیشتی، هەموو شتێکت لە کۆڵەکەتدا هەبوو، غرورو و سەرکەشی کەمترینی بوو، جادەی لێی وەرگرتی.

ئێستا لە کۆڵەکەتدا جێگەیەک هەیە بۆ دۆزینەوەی خودا و خودا بدۆزیتەوە. پاشان ئەندازەیەک حەقیقەتی خستە ناو کۆڵی ڕێبوارەکەوە. دەستەکانی ڕێبوار پڕ بوون لە ئیشراق و چاوەکانی لە حیرەتتدا دەدرەوشانەوە و ووتی: هەزار ساڵ ڕۆیشتم پەیدام نەکرد و نەمدۆزیەوە و تۆ نەڕۆیشتویت و ئەم هەمووەت دۆزیەوە!

درەختەکە ووتی: چونکە تۆ لە جادەدا ڕۆیشتی و مَن لە خۆمدا و بڕینی خود دژوارترە لە بڕینی جادەکان.

Scanned with CamScanner

# ئارەش و کەوان و عیشق

ئارەش ووتی: زەوی بچوکە، تیر و کەوانێکم دەوێت تاکو جیهان گەورە بکەم.

ڕەزا ووتی: وەرە عاشیق بین جیهان گەورە دەبێت، بێ تیر و بێ کەوان.

ڕەزا کەوانێکی هەبوو باڵا و بەرزی هێندەی پەلکە زێڕینە و تیرێک بە بەرزی ئەستێرە، کەوانەکەی دڵی بوو و تیرەکەی عیشق.

ڕەزا وتی: لەم کەوانەوە تیرێک بوەشێنە، ئەم تیرە مەلەکوت بە زەویەوە دەنوسێنێت.

بەڵام ئارەش کەوانەکی غیرەتی بوو و جگە لە خۆی تیرێکی نەبوو.

ئارەش دەیوت: جیهان پێویستی بە عەیارانە تاکو عاشیقان. کاتێک کە عاشقیت تەنها تیرێک بۆ خۆت

دەوەشێنیت و جیهانی خۆت فراوان دەکەیت. بەڵام کاتێک عەیاری خۆت تیریت، دەردەچیت تاکو جیهان بۆ ئەوانی تریش فراوان بێت.

ڕەزا ووتی: خوزگە عاشقان هەمان عەیاران دەبوون و عەیاران هەمان عاشیقان.

پاشان کەوانی دڵ و تیرەکەی بە ئارەش بەخشی.

بەمجۆرە بوو کە کەوانی ئارەش بوو بە پەلکە زێڕینە باڵاشی بەبەرزی ئەستێرە. ئیدی تیرێکی وەشاند.

تیرێک کە هەزاران ساڵە دەڕوات. بەڵام هیچ کەس نازانێت ئەگەر ڕەزا نەبوایە، تیری ئارەش هێندە دوور نەدەڕۆیشت.



## دەقیانووسێک کە منم

دڵم هەستانێکی لە ناکاوی دەوێت و ڕاکردنێکی ڕێزدار بە هۆی هاوارەوە. دڵم ئەشکەوتێکی دەوێت و خەوێک سێ سەد ساڵە و یارانێکی جوامێر.

دەمەوێت چاوم لێک بنێم و نەزانم هەتاو کەی هەڵدێت و کەی و چ کاتێک ئاوا دەبێت وە نەزانم کام سەدە لە دوای کام سەدەوە دێت.

خۆزگە کە چاوم دەکردەوە، ئیدی دەقیانووسێک بوونی نەدەبوو و سکەکان لە ڕەونەق و پرشنگدارییەوە کەوتبوون.

من مرۆڤێکی هەزار ساڵەم کە هەزاران جار ڕامکردووە، پەنام بۆ هەزاران ئەشکەوت بردووە و هەزارجار خەم پیا کەوتووە. بەڵام بۆ هەر جێگەیەک کە ڕۆیشتبم، دەقیانووسیش لەگەڵمدا هاتووە. من



Scanned with CamScanner

خەوتووم و ئەو بێدار ماوەتەوە. بەڵام ئیدی ڕاکردن و ئەشکەوت و خەوی سێ سەد ساڵە بەکەڵکی من نایەت. من بۆ کوێ ڕابکەم لە دەقیانووسێک کە لە کراسەکەمدا هەناسە دەدات و لە بەرامبەر چاوەکانمدا چاوەڕێ و سەیرم دەکات و چ بڵێم لە بارەیەوە کە نەک لەسەر تەخت و کورسییەکەی خۆیدا، بەڵکو لەسەر دڵی من دانیشتووە و پاڵی داوەتەوە و ئەو سوارانەی کە بە دوای مندا دێن نەک لە ڕێگەکان، بەڵکو لە ڕەگەکانی مندا دێن و دەڕۆن.

چ بڵێم کە ڕاکردن لەم دەقیانووسە، ڕاکردنە لە من و شۆڕش بەسەر ئەودا و پەرێشانی بەسەر خۆمدا.

نا، ئەی خودای خەوەکانی مەعریفەت و ئەشکەوتەکانی تەنیایی. من ئیدی ناڕۆم بۆ ئەشکەوت و ئیدی ناخەوم، چونکە ئەم دەقیانووسە منم و لەگەڵ هیچ خەوێکدا ناگاتە بێداری. سبەینێ، سبەینێ جەنگی منە و دەقیانووسم. بێ زنجیر و شمشێر و بێ کڵاو، جەستە بە جەستە و ڕووبەڕوو، چونکە ژیان خەباتی مرۆڤ و دەقیانووسەکەیەتی.



Scanned with CamScanner

## ئێمە دراوسێی خودا بووین

ڕەنگە ئیدی من نەناسیت، ڕەنگە منت نەیەتەوە یاد. بەڵام من تۆ باش دەناسم. ئێمە دراوسێی خودا بووین و ئێوەش دراوسێی ئێمە و هەموومان دراوسێی خودا. لە یادمە هەندێکجار دەچوویتە ژێر باڵی فریشتەکان و من هەموو ئاسمان بۆت دەگەڕام، تۆ پێدەکەنیت و من لە پشتی خەندەکانەوە دەمدۆزیتەوە.

زۆرباش لە بیرمە ئەو ڕۆژانە عاشیقی خۆر بوویت. نێو دەستت پڕ و تەژی بوو لە خۆر. ڕووناکی لە نێو پەنجە ناسکەکانتەوە دەچۆڕا. کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتی ڕێگەیەک لە ڕووناکی لەسەر ڕووی کاکێشان بە جێدەما.

لە بیرتە؟ هەندێجار شەیتانیمان دەکرد و دەڕۆیشتین بە دوای شەیتاندا. تۆ گوڵی بەهەشتیت بەرەو ئەو دەوەشاند و ئەو کوفری دەکرد. بەڵام هێزی بە ئێمە نەدەگەیشت. تەنها دەیوت: هەر کە پێیەکانتان بگەنە

زەوی. دەزانم چۆن لە ڕێگە دەرتان بکەم.

تۆ، سەرقاڵبوویت، بێ ئارام و بێقەرار بوویت. ئاسمانت دەخستە سەر سەرت و شەو تاکو بەیانی لەم ئەستێرەوە بۆ ئەو ئەستێرە دەفڕیت و کە بەیانی دەبۆوە، لە باوەشی ڕووناکیدا خەوت لێدەکەوت.

بەلام هەمیشە خەونی زەویت دەبینی. ئارەزووی خەونەکان ختوکەیان دەدایت. دڵت دەیوست بێتە دونیاوە و هەمیشە ئەمەت بە خودا دەگوت و هێندەت گوت و گوت، تاکو خودا بۆ دونیای هێنایت. منیش هەر ئەمکارەم کرد، منداڵەکانی تریش بە هەمان شێوە، ئێمە هاتین بۆ دونیا و هەموو شتێک تەواو بوو.

من ناوی تۆم بیر چوویەوە و تۆش ناوی من، ئێمە ئیدی نە دراوسێی یەکتر بووین و نە دراوسێی خودا. ئێمە ونبووین و خودامان ونکرد...

دۆستی من، هاویاریچی بەهەشتم! نازانی دڵم چەندە بۆت تەنگ بووە. هێشتا کۆتا ڕستەی خودا لە دوو توێی گوێمدا دەزرنگێتەوە. لە دڵی گچکەی تۆوە تاکو من ڕێگەیەکی ڕاستە. ئەگەر ونبوویت، لەم ڕێگەیەوە وەرە.

بەرز بەرەوە. لە دڵتەوە دەست پێ بکە.

ڕەنگە جارێکیتر یەکتر بدۆزینەوە.



Scanned with CamScanner

## ئەمەش سەرەتای مرۆڤ بوو

کە لە بەهەشت هاتە دەرەوە، تەنها سێوێکی هەبوو. سێوێک کە بە وەسوەسە چنی بوویەوە، سزای ئەم وەسوەسەیەش نیشتنەوە و دابەزین بوو.

فریشتەکان وتیان: تۆ بێ بەهەشت دەمری. زەوی جێگەی تۆ نییە. زەوی هەموو ستەم و گەندەڵییە.

مرۆڤ ووتی: بەڵام من ستەمم لە خۆم کردوە. زەوی تاوانی ستەمی منە. ئەگەر خودا بەمجۆرەی دەوێت و ئەمە دەخوازێت، کەواتە زەوی لە بەهەشت باشترە.

خودا وتی: برۆ و بزانە ئەو جادەیەی کە جارێکی تر تۆ بۆ بەهەشت دەگەڕێنێتەوە، لە زەوییەوە تێدەپەڕێت، زەمینێک پڕ لە شەڕ و خێر، تەژی لە

هەق و ناهەق، لە هەڵە و چاکە، ئەگەریش خێر و هەق و چاکە سەرکەوتن، تۆ دەگەڕێتەوە و گەرنا ناگەڕێیتەوە...

فریشتەکان هەموویان گریان. بەڵام مرۆڤ نەڕۆیشت. مرۆڤ نەیدەتوانی بڕوات. مرۆڤ لەبەردەرگای بەهەشت مابوویەوە و تیامابوو. دەترسا و دوو دڵ بوو. ئەو کاتە خودا شتێکی بە مرۆڤ بەخشی. شتێک کە بوونی تووشی سەرسوڕمان کرد و بوونەوەر خۆزگەی پێ دەبرد. مرۆڤ دەستەکانی والا کرد و خودا (هەڵبژاردن)ی پێدا.

خودا ووتی: ئێستا هەڵبژێرە. چونکە تۆ بۆ هەڵبژارد دروست بوویت، بڕۆ و باشترین هەڵبژێرە، چونکە بەهەشت پاداشتی هەڵبژاردنی تۆیە.

عەقڵ و دڵ و هەزاران پێغەمبەریش لەگەڵ تۆ دێن، تاکو تۆ باشترینەکان هەڵبژێری، ئەوکات مرۆڤ، زەوی هەڵبژارد. ڕەنج و ئازار و خەبات و ئارامگری. ئەمەش سەرەتای مرۆڤ بوو.



Scanned with CamScanner

# پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی

پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی. باران باری.
دایکم گوتی: چ بارانێک دەباری.
باوکم وتی: بەهارە.
ئێمەش نەماندەزانی باران و بەهار ناوێکی دیکەی ئەو پێغەمبەرەن.

پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی. جلوبەرگەکانمان خاکی بوون. ئەو بە ئاماژەیەک خاکی ڕووی جلوبەرگەکانمانی تەکاند. جلوبەرگەکانمان بوون بە جۆری ئاوریشم و نوور و دڵمان لە ژێر جلوبەرگەکانمانەوە دەبینی.

پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی. ئاسمانی حەوشەکەمان پڕ لە خوو و عادەت و دووکەڵ بوو.

پێغەمبەر هەموو خستە کەنارەوە. خۆری پیشاندایین و پارچەیەک لەو خۆرەی خستە نێو دەستەکانمانەوە.

پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی و لەناکاو هەزار چۆلەکەی عاشیق لە سەرپەنجەکانی درەختە بچووکەکەی باخچەوە ڕوان و هەزار ئاواز کە لە گەروویاندا مابوویەوە، بە ئێمەیان بەخشی. ئێمە بە بیرمان هاتەوە کە پەیوەندیمان لەگەڵ درەخت و باڵندەدا هەیە.

پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی. ئێمە هەزار دەرگای داخراومان هەبوو و هەزار قوفڵی بێ کلیل. پێغەمبەر کلیلێکی بۆ هێناین، بەڵام کە ناوی ئەومان هێنا، قوفڵەکان بێ مۆڵەتی کلیل کرانەوە.

من بە خودام وت: ئەمڕۆ پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی. ئەمڕۆ ڕەنگە ئێرە بەهەشت بوو بێت.

خودا گوتی: خۆزگە دەتزانی هەموو ڕۆژێک پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵتانەوە تێدەپەڕی و خۆزگە دەتزانی بەهەشت هەمان دڵی تۆیە.

## درێژە بە جیهان دەدەین

ئەمانەتی خودا لەسەر زەوی مابوویەوە. مرۆڤەکان تێدەپەڕین بێ ئەوەی هیچ بارێک لەسەر شانەکانیان بێت.

خودا پێغەمبەرێکی نارد تاکو بە بیریان بهێنێتەوە. گوتەی یەکەمین و پەیماندانی یەکەمین.

پێغەمبەر وتی: ئەی مرۆڤەکان، ئەی مرۆڤەکان، ئەم ئەمانەتە هی ئێوەیە. هەڵی بگرن. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە زەوی و ئاسمان توانای هەڵگرتنیان نییە، بۆیە بە بیری بهێننەوە، مرۆڤ و دژوارییەکەی.

بەڵام کەس بەبیری نەهێنایەوە.

پێغەمبەر وتی: عیشقە. عیشقە. عیشقە لەسەر زەوی ماوەتەوە. بوار کەمە و فرسەت کورت.

پەلە بکەن، وەگەرنا نۆرەی عاشیقی تێدەپەڕێت. بەڵام کەس بیر لە عیشق نەکاتەوە.

پێغەمبەر وتی: ئەوەی ناوی ژینە، نە خەیاڵە و نە یاری. تاقیکردنەوەیە. تەنها وەڵامدانەوەی ئەزموونی

ژیانیش، ژیانکردنە، ژیان. بەڵام کەس وەڵامی ئەزموونی ژیانی نەدایەوە.

لەم نێوەندەشدا تەنها کەسێک پێیەکانی خستبوویەوە نێو جیهانەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی پێغەمبەری دایەوە. چونکە پەیمانی لەگەڵ خودادا بە یاد دەهێنایەوە.

پاشان خودا گوتی: بە پارێزگاری زەردەخەنەی منداڵی، درێژە بە جیهان دەدەین.



Scanned with CamScanner

## سەرچاوەکان:

-جوانمرد، نام دیگر تو، عرفان نظر اهاری، تهران، انتشارات صابرین، چاپ ششم، ١٣٨٩.
-من هشتمین ان هفت نفرم، عرفان نظر اهاری، موسسه انتشارات صابرین، تهران، چاپ پنجم، ١٣٨٨.
- دو روز مانده به پایان جهان، عرفان نظر اهاری، انتشارات نور و نار، تهران، چاپ سوم، ١٣٩٠.
-در سینەات نهنگی می تپد، عرفان نظر اهاری، موسسه انتشارات صابرین، چاپ هفتم، ١٣٨٨.
-پێغەمبەرێک لە تەنیشت ماڵمانەوە تێپەڕی، عرفان نظر اهاری، تهران، موسسه انتشارات صابرین، چاپ سیزدهم، ١٣٩١.



Scanned with CamScanner

# بەرهەمەکانی وەرگێڕ: (موسعەب ئەدهەم)

## چاپکراوەکان

**زنجیرەی فیکر:**

١- شارناسی و شارسازی، تەحسین حەمەغەریب. ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٠٩.

٢-نەتەوەناسی، ن. تەحسین حەمە غەریب، ئامادەکردن. ساڵی ٢٠١٠.

٣-ئەرستۆ، ن:پ.ستراتیرن، وەرگێڕان، ژیانی فیکری و فەلسەفی، ساڵی٢٠١٠.

٤-ئیسلامی کوردی و..تەحسین حەمەغەریب، ئا: موسعەب ئەدهەم، ٢٠١٣.

٥-فەلسەفە چییە؟ فەیلەسوف کێیە؟ ، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١٦.

٦-جوانی و ناشیرینی، فەلسەفە بۆ لاوان، وەرگێڕان، ٢٠١٩.

**زنجیرەی ئەخلاق و مەعنەویەت**

١-دیوی ئەخلاقی ڕێکخراوە مەدەنییەکان. ئامادەکردن، ساڵی ٢٠٠٧.

٢-عیشق گەورەتر لە عیشق! نووسین، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٩.

٣-ئایا ئادەم نەیبینی؟ ن. جبران خەلیل جوبران. وەرگێڕان،ساڵی ٢٠١١.

٤-بۆچی ترس لە مەرگ؟ ن: مهاتما گاندی..وەرگێران، چاپی دووەم، ٢٠١٢.

٥-ئەخلاق و مەعنەویەت، کۆمەڵە نووسەر، موسعەب ، فاتیمە ئەدهەم، ٢٠١٣.

٦-ئەخلاق و فەزیلەت، ن. د.ئارەش نەراقی، وەرگێران، ٢٠١٣.

٧- ئایین و مەعنەویەت، موستەفا مەلەکیان، وەرگێڕان. ٢٠١٦.

٨- موناجاتنامە، خواجە عەبدوڵلای ئەنساری، وەرگێڕان، ناوەندی ڕێنوێن، ٢٠١٩.

٩- عیشقنامە، لێکۆڵینەوە، نووسین، ٢٠١٧.

١٠-ژنانی عاریف و سۆفی، وەرگێڕلن، ناوەندی سارا، ٢٠١٩.

١١- هیچ کەس مەعشوقی تۆیە، د. عیرفان نەزەر ئاهاری، ڕێنوێن، ٢٠١٩.

١٢- عیرفان، باغێک لە حەقیقەت، نووسین، ناوەندی سارا، ٢٠١٩.

١٣-نیگایەک بۆ ئەخلاقناسی، نووسین، ناوەندی زەهاوی بۆ فیکر، ٢٠١٩.



Scanned with CamScanner

**زنجیرەی مەولانا ناسی**

١-گوڵستانی مەولانا، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١٦.

٢- ئاییناسیی مەولانا، د. عبدالکریم سروش، وەرگێڕان، ٢٠١٦.

٣-سوڵتانی عیشق، نووسین، لەمەڕ ژیان و هزری مەولانا، ٢٠١٨.

٤-شەوێک لەگەڵ خۆردا، د. عبدالکریم سروش، وەرگێڕان، ٢٠١٨.

**زنجیرەی سروش:**

١- چییەتی مەرگ؟ د.عبدالکریم سروش، ئامادەکردن و وەرگێران، ساڵی ٢٠٠٩.

٢- عەقڵ و ئیمان.ن: د.عبدالکریم سروش. وەرگێران، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- سوننەت و مۆدێرنە، د.سروش، د.حسێن نەصر، نووسین و وەرگێڕان،٢٠١١.

٤- عەقڵ و عیشق، ن. د.عبدالکریم سروش، وەرگێڕان، ٢٠١٣.

٥- ئێمە لەکام جیهاندا دەژین؟ ن: د. عبدالکریم سروش. وەرگێران، ج٢، ساڵی ٢٠١٩.

**زنجیرەی شەریعەتی:**

١- مرۆڤ، ن. د. عەلی شەریعەتی، وەرگێران، چاپی چوارەم، ٢٠١٥.

٢-دەفتەرە خۆڵەمێشییەکان. د. عەلی شەریعەتی، وەرگێران، چاپی سێیەم، ٢٠١٥.

٣-نزا، د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕان، چاپی دووەم، ٢٠١٥.

٤-شەریعەتی، کێ بوو؟ چی گووت؟ ئامادەکردن و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

٥-نیشتنەوە، د. عەلی شەریعەتی، وەرگێڕان، ٢٠١٥.

**زنجیرەی وتە:**

١-سوکرات و ئەفلاتۆن، کۆمەڵە ووتە. چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١١.

٢-وتەکانی عیشق، کۆمەڵە نووسەر، ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠١٣.

٣-ووتەکانی ژیان، ئامادەکردن و وەرگێڕان. چ ٢، ساڵی ٢٠١٣.

٤-وتەکانی (سوکرات، ئەفلاتۆن،ئەرستۆ)، (کوردی-ئینگلیزی)،ئا، وەرگێران، ٢٠١٤.

٥- گەوهەرەکانی ژیان، وتەی (کوردی - فارسی - ئینگلیزی)، ئا، وەرگێڕان، ٢٠١٥.

**ئەو بەرهەمانەی لەبەردەستدان و ئامادەی چاپن:**

١- فەلسەفەی عەدالەت. ن: تەحسین حمەغریب، وەرگێران.
٢- راپۆرتێک بۆ خاکی یۆنان. ن: نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێران.
٣- ئایینەکانی چین و یابان. وەرگێران.
٤- مافی مرۆڤ و دیموکراسی، کۆمەڵێک وتاری فیکری و فەلسەفی. وەرگێران.
٥- پەنجەرەکانی ژیان، کۆمەڵە وتار، ئامادەکردن و وەرگێران.
٦- نەتەوەناسی، وتار و گفتوگۆ.
٧-سوهرەوەردی، رەخنە و شیکاری، ن. د. حسن ئەنساری. وەرگێران.
٨- گەورەتر لە ئایدۆلۆژیا، ن. د.عبدالکریم سروش، وەرگێران.
٩- سوهرەوەری، لەمەڕ هزر و فیکری سوهرەوەردی، وەرگێران.
١٠- گیان و جیهان، هەڵبژاردەی وتەکانی مەولانای رۆمی، وەرگێران.
١١- رزگاری، هەڵبژاردەی وتەکانی مهاتماگاندی، وەرگێران.
١٢- ئەخلاق و عەدالەت، کۆمەڵە نووسەر. ئامادەکردن و وەرگێران.
١٣- پەنجەرەی ناز، کۆمەڵە گفتوگۆیەک لەمەڕ ئەدەبیات و عیرفانی کوردی، ئامادەکردن.
١٤- فیکری ناسکی غەمناک، د. سروش دەباغ، ئامادەکردن و وەرگێران.
١٥-گیانی گیانان، ژیان و گووتەکانی مەولانای ڕۆمی، ئامادەکردن و وەرگێران.
١٦- ئەخلاقی دەسەڵات، ئەخلاقی عەدالەت، د. عبدالکریم سروش، وەرگێران.
١٧- عیشق و جوانی، کۆمەڵە نووسەر، وەرگێران.

جگە لە نووسین و ئامادەکردن و وەرگێرانی چەندین بابەتی فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لەساڵی (١٩٩٧)ەوە تاکو ئێستا بەبەردەوامی لە زمانەکانی (فارسی و عەرەبی)، لە گۆڤارەکانی «هەژان، چاوی هەژان، ئێرانناسی، ئەمریکاناسی، سەردەم، زانستی سەردەم، هەورامان، هێشتا، پەیامی راستی، سۆسیۆلۆژیا، لڤین، رامان، تاوی کۆمەڵایەتی، کەوانە، شرام، کۆچ، نووسین، ئایندەسازی، پەنجەرە، روون، سەرچاوە، ئاوین، ئایندەسازی، رۆڤار». هەروەها رۆژنامەکانی «خەبات، یەکگرتوو، کوردستان راپۆرت، ئاوێنە، داهێنان، کوردستانی نوێ، چاودێر، ئاسۆ، کۆمەڵ، ئایندە، ژیانەوە، خورماڵ، نسێ، ئاژانس».

## خودا چلچرایەکی لە ئاسماندا هەڵواسیوە

وتیان: چل شەو حەوشەی ماڵەکەت گسک بدە و بیشۆرەوە. شەوی چەلەمین، حەززرەتی «خزر» دێت. چل ساڵ ماڵەکەم پاککردەوە و شۆردم و گسکم دا «حەزرەتی «خزر» نەهات. چونکە بیرم چوو بوو حەوشەی خەڵوەتی دڵم پاک بکەمەوە و بیشۆم.

* * *

ووتیان: چلەنشینی بکە. چل شەو خۆت بەو خودا و خەڵوەت. شەوی چەلەمین دەچیتە سەربانی ئاسمان. من چل ساڵ لە چلەی گەورەی زستان تاکو چلەی بچووکی هاوین بۆ چلە دانیشتم، بەڵام هەرگیز بۆنی باڵایی و بەرزییەکم نەکرد. چونکە لە یادم چوو بوو کە خۆم بە چل ستوون و پایەی دونیاوە زنجیر کردووە.

٢٠٠٠ دینار

Scanned with CamScanner




**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22